# هەڵبژاردن یان شکستی ڕێکخراو

## (خیانەتی سندووقەکانی دەنگدان)

د. کامەران محەمەد

لە خاکێکدا کە هەڵبژاردن وەک ڕوانی دارخورمایەک لەسەر لوتکەی چیای پیرمەگرون نامۆ بوو، خەڵکی بڕیاریاندا، کاتی ئەوە هاتووە نیشانی جیهان بدەن، کە چەندە "دیموکراسی" ن. لەبیرت بێت ئەمە وڵاتێک بوو، کە زیاتر لە دوو هەزار ساڵی مێژووی خۆی لەژێر دەستەیی و لەنێو بازنەی خێڵدا بەسەر بردبوو، واتە هەڵبژاردن وەک تاعوننێک لێی دەڕوانرا. بەمشێوەیە تەواو بە دیموکراسی نامۆ بوو. ئیمپراتۆر و سوڵتان و پاشا و سەرۆکەکان بەسەر مێژووەکەیاندا زاڵ ببوون- ئەوانیش هەرگیز خۆیان بە شتە بێ بایەخەکانی وەک هەڵبژاردنەوە سەرقاڵ نەکردبوو. بۆچی خەڵکی ئاسایی دەنگ بدەن، لە کاتێکدا دەتوانیت بە مشتێکی ئاسنین و تاجێکی بریقەدار حوکمڕانییان بکەیت؟

بەڵام بەهۆی بارودۆخێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە نیمچە ئازادییەکیان بۆ هەڵکەوت، کە خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، واتە تاقیکردنەوەیەکی باشیش بوو تا بزانن لە چ خانەیەکی حکومڕانیی مێژووودان، بۆیە بیریان لەوە کردەوە و وتیان: "وازمان لێبێنن با ئەم دیموکراسییەش تاقیبکەینەوە." بێگومان، لەبەر ئەوە نەبوو کە خۆشەویستییەکی قووڵیان بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە هەبووبێت. نەخێر، بەڵکو زیاتر خۆنمایشکردن بوو، بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. "سەیری ئێمە بکەن! ئێمە ئێستا دیموکراتیین! تکایە کۆمەک و ڕۆژنامەنووسی باش بنێرن."

بەڵام فریودانێک هەبوو. ناوچەکە لەلایەن دوو پارتی سیاسی گەورە و نیاز خراپەوە کۆنترۆڵ کرابوو- با ناویان بنێین "هەڵۆی سوور" و "بەورە ڕەشەکان". هەردووکیان چەکدار بوون و بە تەواوی دژی ئەوە بوون دەسەڵات لەگەڵ هەر کەسێکدا بەشبکەن، کە میلیشیایەکی تایبەت بە خۆی نەبێت. بە هەرحاڵ، ئەم دوو حزبە پلانێکی بلیمەتانەیان داڕشت، بۆ ئەوەی دڵنیابن، کە تەنها کەسانی (گونجاو!) هەڵبژێردرێن: هەر حزبێک نەتوانێت زیاتر لە 7%ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، ئەوا لە پرۆسەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دوور دەخرێتەوە. دەزانی، واتە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێش ئەوەی یەک دەنگ بدرێت، بەشێک لە دانیشتوان لە پرۆسەکە خرانە دەرەوە! ئەی مەگەر ئەمە دیموکراسی ڕاستەقینە نیە؟

کەواتە، بەمشێوەیە هەڵبژاردنەکان دەستیان پێکرد. پێشبینی دەکەیت چی ڕویدابێت؟ کەس نەیبردەوە. هەڵۆی سوور و بەورە ڕەشەکان ئەوەندە (بەهێز) و (یەکسان) بوون، هیچ کامیان ڕێگەیان بە ئەوی دیکەیان نەدا کە حکومەت پێکبهێنن. بۆیە بیریان کردەوە: "کێشە نییە، تەنیا (هەموو شتێک) ٥٠ بە ٥٠ دابەش دەکەین." کورسییەکانی پەرلەمان، وەزارەتەکانی حکومەت، یەکە سەربازییەکان و... تاد، تەنانەت کۆشکەکانی وەرگرتنی پارەی ناو و کارەبا و لەفە و شوێنی وەستانی عەرەبانەکانی ناوبازاڕیش هەر بە هاوبەشی دابەش کران. ئەوەش چارەسەرێکی بێوێنە بوو، بەڕاست بەلای ئێوەوەش وانەبوو؟

ببینە، مێژوو نیشانی داین، کە دابەشکردنی شتەکان ٥٠ بە ٥٠ هەمیشە سەرکەوتوو نابێت. ئەوان هەرچەندە لەو ئایەتە تێنەگەیشتبوون کە خودا دەفەرموێت، ئەگەر خودایەکی تر هەبووایە ئەوا هەموو شتێک خراپ دەبوو! واتە نەک ئاین، ئەوان شارەزای مێژووش نەبوون، چونکە ئەگەر پرسێکیان لە ڕۆمەکان بکردایە، کە هەوڵیان دا ئیمپراتۆرێتییەکەیان بۆ دوو ئیمپراتۆرێتی دابەش بکەن و ئەنجامیشیاندا، بەڵام ئەنجامەکەی ڕاوەستانی بەربەرەکان بوو لەسەر سنوور و دەراوازەکانیاندا، ئەوا وەڵامێکیان دەدانەوە! تەنانەت سەیری دابەشکردنی ئەڵمانیاشیان نەکرد، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی- کاتێک خۆرهەڵات و خۆرئاوا بە ڕێگای جیاوازی خۆیاندا ڕۆیشتن، ئەوا بۆ نزیکەی نیوسەدە بێ شکۆ و سەدایەک مایەوە. بەڵام پاڵەوانەکانمان، هەڵۆی سوور و بەورە ڕەشەکان، پێیانوابوو تێگەیشتنە ئاینییەکان بێ کەڵکن و ئەوان لە ڕۆمەکان زیرەکتر و لە ئەڵمانییەکانیش بەهێزترن. **تێبینی: وا نەبوو.**

زۆری نەخایاند ڕێکەوتنی 50 بە 50 بۆ گۆڕەپانی جەنگ گۆڕا. هیچ لایەکیان ئامادە نەبوو سازش بۆ ئەوی دیکەیان بکات، بۆیە پیلانگێڕییەکانیان دەست پێکرد، تابتوانن کۆتایی بە ڕکابەرەکەیان بهێنن. دەستیان بە سەر شار و شارۆچکەکاندا گرت و بەرتیلدان بە بەرپرسان و تەنانەت ڕێکەوتن لەگەڵ دوژمنە کۆنە داگیرکەرەکانیان- هەر ئەو دوژمنانەی کە دەیان ساڵیان لە شەڕکردن لەگەڵیان بەسەر بردبوو- ئەنجامدا. بۆچی؟ بۆ ئەوەی براکانی خۆیان بخەن،

بێگومان! هیچ شتێک وەک بانگهێشتکردنی داگیرکەری مێژوویی بۆ چا خواردنەوەیەک و دانیشتنێکی ستراتیژی جەنگ ناتوانێت "یەکگرتوویی" بدیبهێنێت!

ئەی خەڵکی چییان لێبەسەرهات؟ نای ئەوان ئازاریان چەشت. لەم ململانێ براکوژییەدا خەڵکێکی زۆرتر گیانیان لەدەستدا، دوو ئەوەندە زیاتر لەوەی کە لە تەواوی شەڕی دژ بە داگیرکەراندا ببوونە قوربانی. ئەو هەڵبژاردنانەی کە بڕیار بوو هێمای بەئاگاهاتنەوەی دیموکراسییان بێت، بوو بە کۆمیدیایەکی تراژیدی پڕ لە هەڵە. بەمشێوەیە ڕوون بووەوە کە ناتوانرێت بە تەنها دانانی وشەیەکی وەک "هەڵبژاردن" بۆ سیستەمێک کە مەبەستی زاڵبوون بێت، ناوی بنرێت دیموکراسی. وەک ئەوە وایە هەوڵبدەیت بە کارتۆن کۆشکێک دروست بکەیت! بەڵام دیارە بەرگەی هیچ ناگرێت!

لەگەڵ ڕەوینەوەی تەپ و تۆزەکەدا، خەڵک بۆیان دەرکەوت، کە هەڵبژاردنەکانیان هەرگیز پەیوەندی بە دەنگ و هەڵبژاردنەکانی ئەوانەوە نییە و نەبووە. بەڵکو لە بنەڕەتەوە وەهمێک بووە- نمایشێکی ورد و میکیاژکراو بە هەموو قووڵایی دیکۆرەکانی هۆلیوود کە بۆ جیهان نمایشکرابوو. بەڵام لە پشت پەردەوە هەمان زلهێزە کۆنەکان یاریان بە تارەکان دەکرد و بە هەر بیرۆکەیەکی گۆڕانکاریی ڕاستەقینە پێدەکەنین، هاوت پارێزگارییان لە خولی توندوتیژیی دەکرد و دەیانهێشتەوە.

کەواتە چی لەم حیکایەتە خراپەی هەڵبژاردن فێربووین؟ ئەوە فێربووین کە دیموکراسی تەنها دەنگدان نییە. بەڵکو پەیوەندی بە بەها شاراوەکانی پشت دەنگەکانەوە هەیە. هاوکات ڕەنگە، ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وڵاتێکدا کە هیچ ئەزموونێکی مێژوویی دیموکراسی نەبووبێت، وەک ئەوە وایە کەسێک ناچار بکەیت، لە ماراسۆنێکی سەد مەتریدا ڕابکات، بەبێ ئەوەی سەرەتا فێری مەشقی ڕۆشتن و پێشبڕکێت کردبێت.

نای، لە هەڵۆ سوور و بەورە ڕەشەکان؟ هێشتا لەگەڵ یەکدا دەجەنگێن. بەداخەوە هەندێک شت هەرگیز ناگۆڕێت.

(١١-١٠-٢٠٢٤)